به بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# «ڕامان» گوتارێکی پێشکەوتنخواز لە وێژەی کوردیدا

**هادی حەبیبی**
**(سەردەشت)**

ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و نەهادە (بنەما) کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها تێکگیرانی مەدەنییەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە پێشکەوتنی خێرای سەنعەت و تەکنۆلۆژی، سیستمی هزریی مرۆڤی ئەو سەردەمەی تێک داوە و وای کردووە خێراتر لە جاران بەرەو واتا و مەبەستەکانی خۆی هەنگاو هەڵبێنێتەوە و لەو کاروانە جیهانییە وەپاش نەکەوێ.

کاتێک چاو لە جەرەیانی نوێبوونەوەی دەقی شیعری فارسی دەکەین، ناتوانین چاو لە دەوری گۆڤارەکانی سەردەمی مەشرووتە ((تا هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی، بە تایبەت خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١ز) تا کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣ز) بپۆشین کە لە ڕێی وەرگێڕانی دەقی شیعری ڕۆژاوای ئەو سەردەمەوە، دەلاقەیەکی ڕووناکیان بەرەو شاعیرانی فارس کردەوە. گۆڤاری وەک بەهار، دانشکەدە، وەفا، ئەرمەغان، مێهر، سوخەن، مەردوم، پیامی نەو، کانوونی شوعەرا، قودس و ڕۆزگاری نەو، دیارترینیانن کە هەرکامەی کەم و زۆر بە وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی وەک ئالفرید دو موسێ، ئەلکساندر پۆپ، دانتی، شەکسپیر، شیللەر، لاڤونتین، لامارتین، پووشکین، تاگوور، براونینگ، ئارنۆڵد، لانگ فلۆ، مایاکۆڤسکی، پابلۆ نیرۆدا، ڕیلکە، نازم حیکمەت، ڤالیری، لۆرکا و... تاد، ئەمانە تەکانێکی بەرچاویان بە ڕەوتی شیعری هاوچەرخی فارسی دا و بزاڤێکی تۆکمەیان لەو بەستێنەدا وەڕێ خست.

ئەوە حەقیقەتێکی ئاشکرایە کە ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی ئەم گۆڤارانە نەبووبا، شیعری نوێی فارسی هیچ کات بەم شێوازەی ئێستا پەرەی نەدەگرت و ڕێژەی ئەم دەنگە جیاوازانەی بە قەدەر ئێستاکە نەدەبوو، بۆیە ئەو بابەتەم بە خێرایی ئاماژە پێ کرد کە بڵێم لە جوغرافیای ئەدەبی کوردیدا و لە باشووری کوردستان، گۆڤاری (ڕامان) هەر بە تەنیا ئەو ئەرکە گرنگەی خستە ئەستۆی خۆی و بە وشیارییەکی هزرییەوە، گەلێک بۆشایی لە ئەدەبی کوردیدا ـ بە شێوازێکی هەمە لایەنە ـ پڕ کردەوە.

ڕامان لە ماوەی تێکۆشانی هزری و ئەدەبیی

خۆیدا، یەکێک لە کاریگەرترین گۆڤارەکانی سی ساڵی ڕابوردووی کوردییە کە گوتارێکی هاوبەشی لە نێو نووسەرانی کورد بە تێکڕایی ساز کردووە. بە واتایەکی دیکە پردێکی لە نێوان نووسەرانی کورددا هەڵبەستووە و بە مەبەستی پاراستنی شوناسی میللی و بە ئامانجی پەرە پێدان بە زمان و ئەدەبی کوردی، بوێرانە لە گۆڕەپانی خەباتی فەرهەنگیدا ماوەتەوە.

ڕاستییەکەی گۆڤاری ڕامان پێشڕەوی هەموو ئەو شاعیر و بیرمەندانەیە کە لە چوار پارچەی کوردستانەوە، خۆیان بە بابەتگەلی فەرهەنگییەوە ماندوو کردووە و هەرکامەی لە بواری ژانرێکی جیاوازی ئەدەبییەوە، بنەمای چەمکێکی نوێی داڕشتووە. وەک هەر بەرهەمێکی هەرمان و شاکاری هونەری، بە لای منەوە ئەم گۆڤارە خاوەنی دوو تایبەتمەندییە:

**یەکەمیان:** دەروەست بوون و پێکهێنانی شێوازێکی داهێنەرانەیە.

**دووەمیان:** ڕۆڵی مێژوویی ئەم گۆڤارەیە کە بڕیارە لە داهاتوودا خۆی بۆ بەرەی دوایی ڕیوایەت بکا.

گرنگ ئەوەیە گۆڤاری (ڕامان) بە هیممەتی ڕێزدار ئازاد عەبدولواحید، سیاسەتێکی جیاوازی ڕەچاو کردووە کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کەم وێنەیە. «هەڤپەیڤین» پاژێکی گرنگ لەم گۆڤارە بە نرخەیە کە زنجیرەیەکی نەپساوە و بەردەوام لە دیمانە و وتووێژە. هەر بە تەنیا ئەم بەشە هەڵدەگرێ ببێتە کتێبێکی جیاواز و سەربەخۆ و لە داهاتووی ئەدەبیاتی ئەم نیشتمانەدا وەک ڕێفرێنسێک پشتی پێ ببەسترێ. ئەم بەشە بووەتە تایبەتمەندیی گۆڤاری ڕامان و وەک نەریتێک، ژێرخانی هزری و لایەنی فەرهەنگی ئەم گۆڤارەی بە تەواوی نیزاممەند کردووە (ڕێک خستووە)، هەروەها لە بەشەکانی دیکەشدا وەک «دەق»، «ڕەخنە و لێکۆڵینەوە»، «هزر و فەلسەفە»، «وتار»، «زمانزانی»، «مێژوو»، «هونەر»، «خوێندنەوەی کتێب»، «نامە»، «بە باڵابڕین» و «سووکە لەنگەر» هەرکامەی لە خۆیدا شایانی ئەوەن وەک بەڵگەیەکی دیاریکراو لە بەستێنی گۆڤار و کتێبخانەی کوردیدا سەیر بکرێن. بە گشتی هەریەک لەو پاژانە خاوەنی پاڕادایمێکی هونەرین کە دەکرێ لە قەوارەیەکی زانستیدا لێکدانەوە و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ. کەڵکەڵەی بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە نیشان دەدا کە بە نیسبەت هیچ لایەنێکی هونەری کەمتەرخەم نین و بە ڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانە، سەیری بزاڤی ئەدەبی کوردی دەکەن. بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕامان جار لە گەڵ جار هەوڵی زیاتر دەدا بۆ ئەوەی بەردەنگی شیعر و چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی و بابەتگەلی مێژوویی و هونەری لەگەڵ پاڕادایمی سەرکەوتوودا ڕووبەڕوو بکاتەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە بە تەواوی سەرکەوتنی وەدەست هێناوە و توانیویەتی سەرنجی ڕێژەیەکی زۆر لە بەردەنگی ئەدەبیاتی کوردی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

هەوڵ بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمی بەهێز لە هەموو لایەنێکدا، هەروەها پێداچوونەوەی بێ هەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندڕەنگی و جۆراوجۆریی بابەت، بووەتە هۆی ئەوەی گۆڤاری (ڕامان) زۆرترین پێوەندی لەگەڵ بەردەنگی خۆیدا ساز بکا. داهێنان هەر بە تەنیا وردبینی و ڕەچاوکردنی شێوازی ڕۆژنامەگەری نییە، بەڵکوو لەویش گرنگتر ئەمینداری و بەرپرسیار بوونە لە هەمبەر نووسەرانی کورددا کە هەر بەرهەمێکیان بە وتەی نالی مەزن، بە «جگەرگۆشە و فرزەندی» خۆیان

دادەنێن. من بەش بەحاڵی خۆم چەندان ساڵە بەردەنگی ئەم گۆڤارەم و بە شانازییەوە هەندێک بابەتیشم تێیدا بڵاو بووەتەوە، کەچی تا ئێستا نە بۆخۆم دیومە و نە بیستووشمە کە بەرهەمی نووسەرێک سەری تێدا چووبێ. ئەوە کارێکی یەگجار گرنگە! لە هەر چوار پارچەی نیشتمانەوە بەرهەمت بۆ بێ، بەڵام یەکی وە یەکی نەکەوێ و هەرکامەی لە کاتی گونجاوی خۆیدا بە کەمترین ئاڵوگۆڕەوە بڵاو بکرێتەوە.

خۆم جاری وابووە بۆ نموونە دەقی وەرگێڕانێکم فەرامۆش کردووە و هەر پێشم وانەبووە کە ناردوومە، کەچی لەپڕ لە ژمارەیەکدا هاتووەتە دەرێ و وەبیرم کەوتووەتەوە. لە هەر حاڵدا ئەوەی وەک ئیمتیازێک گۆڤاری ڕامان لە گۆڤارەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە خۆیدا خاوەنی میتۆدێکی نیزاممەند و سیستماتیکە و لە یەک ڕستەدا پڕ دیالۆگترین دەقی هونەرییە کە لە جەغزی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، زۆرترین پێوەندیی ئەدەبی لە نێو نووسەرانی کورد ساز کردووە.

ئەو گوتارەی ڕامان پێکی هێناوە، گوتارێکی پێشکەوتنخوازە و لە پێکهاتەی خۆیدا خەریکە بە کردە، ئەزموونێکی جیاواز لە ئەزموونەکانی پێش خۆی زیاد دەکا. ڕاستە گۆڤاری ڕامان لە واتای تەخەسسوسیدا گۆڤارێکی زانستی، یان تایبەتی نییە، بەڵام سەرجەمی ئەو ئایتێمانەی کە لە گۆڤارێکی لەو چەشنەدا پێویستە بوونیان هەبێ، لەو گۆڤارەشدا بە ڕاشکاوی وەبەر چاو دەکەوێ. گرنگیدان بە زانست و پەرەپێدانی ئاکادیمییانەی بابەت لە لایەن (ڕامان)ـەوە، هەروەها پێناسە و بە دەستەوەدانی ڕێفرێنس بە بەردەنگ و لەگەڵ ئەوەشدا تەیارکردنی پێکهاتەیەکی نیزاممەند، لەو دەسکەوتانەن کە لە چاخی ئێمەدا بە باڵای ئەم گۆڤارەدا بڕاوە. ڕوانگەی زانستی بەرانبەر بە بابەتگەلی زمان بە تێکڕایی، هەروەها هزر و فەلسەفە، ڕەخنەی ئەدەبی، خوێندنەوەی کتێب و مێژوو لە گۆڤاری (ڕامان)دا تا ڕادەیەکە کە نۆڕمی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری گۆڕیوە و لە قەوارەیەکی پوخت و پاراوتردا خۆی دەرخستووە. بۆیە من پێم وایە ڕامان لە گشتییەتی خۆیدا تەنیا گۆڤارێک نییە، بەڵکوو مەرجەعێکی زانستیی چەند لایەنەیە، بە تایبەت بۆ کەسانی ئاکادیمیک و لێکۆڵەری زمان، خاوەنی زۆر بەڵگە و سەرچاوەی پەسند کراوی زانستییە.

یەکێک لەو خاڵانەی شایانی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە گۆڤاری ڕامان بە بەراورد لەگەڵ گۆڤارەکانی دیکەدا، خاوەن ڕاوێژێکی سەربەخۆیە و لە مانیفێستی نوێخوازی خۆیدا، جار لەگەڵ جار زیاتر هەڵکشاوە و بە تێپەڕبوونی زەمان، هەرگیز غوباری فەرامۆشی لێ نەنیشتووە. ئەم گۆڤارە نەک ساڵ بە ساڵ، بەڵکوو ژمارە بە ژمارە سەر لە نوێ خۆی داڕشتووەتەوە و هەر جارەی بە جۆراوجۆریی بابەت و بە جیلوەیەکی بەرۆژتر و پێشکەوتووترەوە دەرکەوتووە، بۆیە ئەگەر بەردەنگی کورد بیەوێ لە هەر بابەتێکی ئەدەبی و زمانی و فەلسەفی و هزری و مێژووییدا وەک ڕێفرێنس ئاماژە بەو گۆڤارە بکات، ئەوە دەتوانێ لە هەموو قۆناغێکی دەرچوونی (ڕامان)دا نموونە بێنێتەوە و پاڕادایمی زۆر سەرکەوتوو بە دەستەوە بدا. دەوری جەرەیانسازیی گۆڤاری ڕامان، بە تایبەت لە مۆدێرنیزەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ڕامان گۆڤارێکە پێشڕەوی بابەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییە و هەموو کات بەردەنگ تێیدا لەگەڵ نوێترین و دیارترین بەرهەمی کوردی و

جیهانی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بەشێک لە بابەتەکان وەک پێشتر ئامـاژەم پێکـرد، دەقـی چیرۆکـی نووسـەرانی هاوچەرخـە، هەروەهـا هەندێـک لـەو دەقـە شـیعرییانەی کـە بـە چەشـنێک لـە نەریتـی پێـش خۆیـان هەڵگەڕاونەتـەوە و مۆدێلێـک لـە نوێخوازییەکـی تـەواو عەیـارن، گەلێـک جـار لـە لاپەڕەکانـی (ڕامـان)دا دەردەکـەون.

وتـاری هـزری و فەلسـەفی و بابەتـی هونـەری و زمانەوانیـش هـەرکام لـە جێـی خۆیـدا تەواوکـەری ئـەو پەیامـە ئەدەبییـەن. گرنگ ئەوەیـە سـەرجەمی بابەتـەکان بـە گشـتی نـە لەگـەڵ فەزایەکـی تـەواو نەریتیـدا سـازگارن، نـە لـە لایەکـی دیکەشـەوە لـە ژێـر کاریگـەری پشـووبڕی ئەدەبـی لاسـاییکەرەوەی بیانیـدان کـە بـە وتـەی دیڤیـد لاج وەک کلافێکـی هاڵـۆزکاو وایـە و هیـچ کات ناتوانی لێڵی و شـاراوەیی بابەتـی تێـدا چارەسـەر بکـەی، بۆیـە هـەر ئـەو حاڵەتـە ئیعتدالەیـە (ناوەندگیر)ەیـە کـە ناوبانگـی بـەو گۆڤـارە بەخشـیوە و دەرفەتێکـی ئیدەئالـی (فکری) بـۆ نووسـەرانی کـورد لـە ئاقـاری شـیعر و چیـرۆک و ڕەخنـە و وەرگێڕانـدا پێـک هێنـاوە.

دیـارە ئەدەبیـات و هونـەر بـە گشـتی، کۆمەڵێـک فۆڕمـی تایبەتیـن، کـە ئاڵوگـۆڕ لـە هـەرکام لـەو فۆڕمانـەدا، بـە واتـای سـڕینەوە، یـان پشـتگوێ خسـتن و وەلانانـی فۆڕمەکانـی تـر نییـە. ئـەوە پرەنسـیپێکە هەمـوو کات گۆڤـاری ڕامـان لـە خۆیـدا بـە شـێوازێکی بەرچـاو پاراسـتوویەتی. ڕامـان لـە ڕێـگای وەرگێڕانـەوە و بـە ئیلهـام وەرگرتـن لـە وێـژەی فارسـی و عەرەبـی و بـە تایبـەت ڕۆژاوا، توانیویەتـی پێوەندییەکـی تۆکمـە و سـازندە لەگـەڵ فەرهەنگـی نەتەوەکانـی دیکـەدا سـاز بـکا و هـەر لـەو دەلاقـەوە زانیـاری ڕوون و ئاشـکرا لـە بزاڤـی ئەدەبیـی ڕۆژاوا بـە بەردەنگـی کـورد ببەخشـێ.

بێگومـان ئـەو جەرەیانسـازییەی گۆڤـاری ڕامـان وەڕێـی خسـتووە، لـە خۆیـدا پەیڤێکـی پێشـکەوتووە کـە لـە لاپەڕەکانـی مێـژووی هونـەری و ئەدەبیـی ئێمـەدا، هەمـوو کات زایەڵـەی دەبیسـترێ. ڕامـان نوێنـەری تاقمێـک نوێخـوازە کـە لـە کۆمەڵگەیەکـی نەریتیـدا دەیـەوێ بایەخەکانی نوێخـوازی دابسـەپێنێ و لـەو ڕێبـازەدا شـێلگیرانە هەوڵـی خـۆی دەدا. ئێسـتاش مـاوەی سـی ساڵە فەرهەنـگ دۆسـتانی کـورد، لە کوردسـتان، یـان لە دەرەوەی سـنوورەکانی نیشـتمان، لەگـەڵ گۆڤـاری (ڕامـان)دا دەژیـن و بـە عیشـقی ئـەم گۆڤـارەوە دەنووسـن و بـە خـەون و خولیـای لاپـەڕە زێڕینەکانییـەوە دڵشـادن، هەروەهـا لـە دوور و نزیکـەوە پەیـڤ و کەلامـی ئـەم گۆڤـارە پـڕ بەهەرەیـە سـتایش دەکـەن، بۆیـە تـا کـورد و زمانـی کـوردی مابـێ، گۆڤـاری (ڕامان)یـش هەیـە و لـە هـەر قۆناغێکـی مێژووییـدا، دەرفەتێـک بـۆ سـەلماندنی خـۆی دەدۆزێتـەوە. تەمەنـی پـڕ چالاکی ئـەم گۆڤـارە- بـە کـردە و بـە گوتـار- یەکێـک لـە پارێزەرانـی زمانـی کـوردی و ڕاسـتییەکەی هـۆی شـانازیی نەتەوەییمانـە. ڕامـان وەک چـۆن لـە ڕابـوردوودا ڕیشـەی لـە بیـر و هـزری جەمـاوەر داکوتـاوە، بـۆ سـازدان و پارێـزگاری لـە شوناسـی ئەدەبـی کـوردی، مانـدوو بـوون ناناسـێ و جـار لەگـەڵ جـار بـە داهاتوویەکـی پڕشـنگدارترەوە لـە گۆڕەپانـی وێـژەدا تـێ هەڵدەچێتـەوە.